**ANFAL CENTER**

TO FOLLOW UP THE
DESTINY OF ANFALIZED
AND MISSED PEOPLE
OF KURDISTAN

**سەنتەری ئەنفال**

بۆ بەدواداچوونی
ئەنفالکراو و
بێسەرو شوێنەکانی
کوردستان


ژمارە: (تایبەت) رێکەوت: ٢٠١٣/٧/٢٢

## بەیاننامەی (سەنتەری ئەنفال)

## لەیادی (25) ساڵەی کیمیابارانکردنی گوندی (زەردە)ی رۆژهەڵاتی کوردستان

**رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندارەکان...**

ئیمرۆ یادی تاوانێکی تری دەستی رژێمی بەعسی دوژمن بەمرۆڤایەتیە، دەرهەق بەگەلی کورد. لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە (22/ 7/ 1988) لە ساتە وەختی کۆتایی شەڕی عێراق ئێراندا گوندی زەردەی سەر بە پارێزگای کرماشانی بەچەند فرۆکەیەك کردە ئامانجو کیمیابارانی کرد، لە ئەنجامدا زیاتر لە (200) هاووڵاتی گیانیان لەدەستداو سەدانی تریشیان برینداربوون، دەیانیشیان تاکو ئێستا بەدەست نەخۆشیە جۆراوجۆرەکانی کاریگەری ئەم کیمیابارانە دەناڵێنن.

ئەم تاوانەی رژێم وەك سەرجەم تاوانەکانی تری، تاوانێکی دژەمرۆڤایەتی گەورەیە، تاکو ئێستا لە رووی راگەیاندنەوە گرنگی پێنەدراوەو باسی لێ نەکراوەو پەردە پۆش کراوە، وەك کیمیابارانکردنی شارەکانی (زێوە و سەردەشت) تێپەڕیوە. نەتەوە یەکگرتووەکانو وولاتی کۆماری ئیسلامیش بێدەنگی لێکردوەو هیچ هەڵوێستێکی داکۆکیکاری لە ئاستیاندا نەبووە. کەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندارەکانی ناوەخۆ و دەرەوە و پارت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاوانەکەی پشتگوێ خستوە.

ئێمە لە(سەنتەری ئەنفال) هاوخەمی خۆمان بۆ سەرجەم کەسوکاری قوربانیانیان دەردەبڕین، داواش لەلایەنە پەیوەندارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین، گرنگی بەژیانی بەرکەوتووانی کیمیاباران لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن بەتایبەتی گوندی زەردەو زێوە و شاری سەردەشت. هیوادارین حکومەت و رێکخراوەکان بەڵگەو دۆکیۆمێنتی پێویست وەك داواکاری پێشکەش بەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بکەن تا ئەم تاوانەش وەك تاوانەکانی تری رژێم، دۆسیەی تایبەتی بۆ بکرێتەوەو وەك جینۆساید بناسرێت، پێویستە چیتر ووڵاتە زلهێزەکانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئاست تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، بێدەنگ نەبن.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و کیمیاباران، مردن و روڕەشی بۆ ئەنجامدەرانی تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی.

**سەنتەری ئەنفال**

**هەولێر** 2013/7/22


Kurdistan Region-Iraq/Erbil Behind Chwarchra Hotel
E-mail : anfalcenter@yahoo.com
Mob : 00964 750 445 1836

هەرێمی کوردستان - هەولێر پشت هوتێلی چوارچرا